پاشان جمال الدین ـی ئەفغانی ئەم بانگەوازەی نوێکردەوە لەسەدەی ڕابردوو قوتابیەکەشی بەناوی محمد عبدە هاوکاری بوو لەم سەردەمەشدا رجاء جاوردی پێی هەستا کەناوی لێ نا پەیماننامەی اشبیلیە وئێستاش هەنێک سەردەمیە نوێگەریخوازەکان وئەقڵانیەکان وهەنێ لەسیاسەتمەدارەکان بەسەرپەرشت ـی سیستەمی نوێی جیهان ـی ئەوەی کەپێی ئەوترێ جیهانگیری سەرپەرشتی ئەکەن.

قال ابن تیمیة رحمة الله علیه (الفتاوى 28/524) : ومعلوم بالاضطرار من دين المسلمين وباتفاق جميع المسلمين أن من سوغ اتباع غير دين الإسلام أو اتباع شريعة غير شريعة محمد صلى الله عليه وسلم فهو كافر.

شێخ ـی ئیسلام ابن تیمیە رحمە اللە تعالی فەرموویەت ـی : پێویستیەکی زانراوە لەدینی موسڵمانان وبەکۆدەنگی هەموو موسڵمانان کەهەرکەس ڕێگەبات بەشوێنکەوتنی ئاینێک جگە لەئیسلام یان شوێنکەوتنی یاسایەک جگە لەیاسا وشەریعەتی محمد صلی اللە علیە وسلم ئەوکەسە کافرە.

ونقل الشيخ محمد بن عبد الوهاب رحمة الله عليه في النواقص العشرة أن من لم يكفر المشركين أو شك في كفرهم أو صحح مذهبهم كفر إجماعا.

هەروەهاشێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب گێڕاویەتیەوە لەدەهەڵوەشێنەوەکەی ئیسلام کەهەرکەسێک تەکفیری هاوبەشدانەران نەکات یان گومان ـی هەبێت لەکوفریان یان ڕێبازەکەیان بەڕاست دانێ کافرە بەئیجماع.

وقال ابن حزم رحمە اللە في مراتب الإجماع ص 119 : واتفقوا على تسمية اليهود والنصارى كفارا.

ابن حزم فـەرموویەت ـی هەموویان کۆڕان لەسەر ناوبردن ـی جولەکە وگاورەکان بـەکافر.

وقال القاضي عياض رحمة الله عليه كما في الشفا : ولهذا نكفر من دان بغير ملة الإسلام من الملل أو وقف فيهم أو شك أو صحح مذهبهم وإن أظهر مع ذلك الإسلام.

قاضی عیاض فـەرموویەت ـی بەم شێوەیـە تەکفیری هەموو ئەوانە ئەکەین کەپەیڕەوی لەغەیری ئیسلام ئەکەن لەهەڵگرانی ئاینەکانی تر یـان کەسێک بوەستێت لەتەکفیرکردنیان یان گومان ـی هەبێ یان ڕێگاکەیان بەڕاست دانێت کافرە ئەگەر خۆشـی بەموسڵمـانیش دابنێت.

وما ذكره العلماء من حكم تكفير من صحح دين اليهود والنصارى مبني على أنه يلزم من ذلك تكذيب القرآن لأن الله سبحانه وتعالى يقول : { ومن يبتغ غير الإسلام دينا فلن يقبل منه } ، ويقول : { إن الدين عند الله الإسلام } .

ئەوەی زانایـان باسیان کردووە سەبارەت بەتەکفیرکردن ـی ئەوانەی دین ـی جولەکە وگاورەکان بەڕاست دائەنێن تەکفیرکردنیان بونیادکراوە لەسەر ئەوەی بەڕاستدانانی ئەوان لازم ـی بەدرۆ دانانی قورئانە چونکە الله تـعالـى فەرموویەتی (هەرکەسێک پەیرەوی بکات بەدینێک جگەلەئیسلام لێی قبوڵ ناکرێت ولەقیامەت لەزیانماندانە) هەروەها فەرموویەت ـی (ئاین ـی ڕاست ودروست لەلای الله تـعالـى تـەنها ئیسلامە).

كما يلزم منه تكذيب النبي عليه الصلاة والسلام حيث صح عنه عليه الصلاة والسلام أنه أخبر عن نسخ الديانات الأخرى غير الإسلام.

هەروەکچۆن لازم ـی بەدرۆدانانی پێغەمبەریشە صلى الله عليه وسلم هەروەک بەصەحیح ـی لێوەی هاتوە کەهەواڵی یاوە بەسڕینەوە وەنەسخ بونەوەی دینەکان تەنها ئیسلام نەبێت.

إذ صح عنه عليه الصلاة والسلام أنه رأى في يد أمير المؤمنين عمر بن الخطاب رضي الله عنه ورقة من التوراة فغضب غضبا شديدا وقال : (أفي شك أنت يابن الخطاب) وفي لفظ (أمتهوكون فيها يا ابن الخطاب ؟ لقد جئتكم بها بيضاء نقية والله لو أن أخي موسى حيا ما وسعه إلا اتباعي).

کە بەصەحیح ـی لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هاتوە کەلەدەست ـی ئەمیری باوەڕداران عمر وەرەقەیەکی لەتەورات ـی بینی زۆر زۆر تورە بوو فەرمووی (ئایا تۆ لەگومانای ئەی کوڕی خەطاب ؟) لەلەفزێکی ترا فەرموویەت ـی (ئایا سەرگەردان ودوودڵ ـی تێیدا ئەی کوڕی خەطاب لەکاتێکدا بەسپی وپاکی ودرەوشاوەی بۆم هێناون والله ـی گەر موسای برام زیندووبایە بۆی نەبوو ئیلا ئەبوو شوێنم کەوێت).

وروى أبو هريرة رضي الله عنه أنه قال : كان ناس من أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم يكتبون التوراة فذكروا ذلك لرسول الله صلى الله عليه وسلم فقال : (أحْمق الحُمق و أضل الضلالة قوم رغبوا عما جاء به نبيهم إليهم ..) الحديث.

ئەبو هریرە گێڕاویەتیەوە کەفەرموویەتی خەڵکانێک لەهاوەڵان ـی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەوراتیان ئەنوسیەوە ئەمە باسکرا بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەوویش فەرمووی (گەورەترین گەمژەی وگومڕاترین گومڕای کەسانێک کەپشتیان هەڵکرد لەوەی پێغەمبەرەکەیان بۆی هێنان).

فتبين من هذه النصوص التي ذكرتها وما يماثلها مما لم أذكره نسخ وبطلان أي دين غير دين الإسلام ، والعجب كل العجب أن أشخاصا من قادة المسلمين يروجون لهذه النظرية الفاسدة ويصرحون في المحافل العالمية الكافرة أنهم يدْعون إلى تآخى الأديان السماوية الخالدة - زعموا -.

لەم دەقانەی باسمکرد وئەوەدەقانەی تریش کەهاوشێوەی ئەمەن وباسم نەکردووە ئەوە ڕوون ئەبێتەوە سڕینەوە وبەتاڵ بوونی هەموو ئاینێک جگە لەئاینی ئیسلام سەیرترین شت ئەوەیە کەسانێک لە (بەناو)سەرکردەی موسڵمانانەکان برەو بەم تێڕوانینە فاسدە ئەیەن لەکۆڕبەندە جیهانیە کافرەکان بانگەشەی برایەتی نێوان ئاینە ئاسمانیە هەمیشەیەکان ئەکەن وەک خۆیان لافی ئەوە لێ ئەیەن.

وهل يمكن لمسلم عاقل يتصور أن هناك دينا خالدا غير دين الإسلام ؟ بعدما نسختها شريعة محمد عليه الصلاة والسلام .. علما بأن الأديان السماوية السابقة كاليهودية والنصرانية دخلها التبديل والتحريف والزيادة والنقص والكتمان بسبب ما قام به أحبار السوء والضلالة ..

ئایا ئەکرێت موسڵمانێکی خاوەن ئەقڵ خەیاڵی ئەوە بکات ئاینێکی تری هەمیشەی هەیە جگە لەئیسلام؟ لەدوای ئەوەی ئیسلام هەموو ئاینەکانی تری نسخ کردەوە سەرەڕای ئەوەی ئاینە ئاسمانیەکانی پێشوتر وەک جولەکە ونەصرانیەت دەستکاری وگۆڕانکاری وزیادکردن وکەم کردن وشاردنەوە تێیدا ڕووی یاوە بەهۆی ئەوەی زاناخراپەکار وگومڕاکانیان ئەیانکرد.

قال تعالى : { فويل للذين يكتبون الكتاب بأيديهم ثم يقولون هذا من عند الله ليشتروا به ثمنا قليلا } الآية . وقوله تعالى : { قل من أنزل الكتاب

الذي جاء به موسى نورا وهدى للناس تجعلونه قراطيس تبدونها وتخفون كثيرا } الآية.

الله تعالى فەرموویەتی (وەیل و سزای سەخت بۆ ئەوانەیە کە بەدەستی خۆیان تەورات وئنجیل ئەنووسنەوە پاشان ئەڵێن ئەمە لە لای اللە ـوە هاتووەلەبەر ئەوە کە بەنرخ و بەهایەکی کەم بیفرۆشن) وەهەروەها فەرموویەتی : پێیان بڵێ: باشە ئەو نامەی (تەورات)ـە مووسا هێنای کێ دایبەزاند کە بووە ڕووناکیی و ڕێنمایی بۆخەڵکی کە ئێوە ئێستا لە نوسخە ڕەسەنەکەی پەڕە پەڕەی ئەکەن بەشێکی کەمی کە بەقازانجتان بێ بۆ خەڵکی دەرەخەن و باسی دەکەن و زۆرێکیشی کە بەزیانی خۆتانی بزانن ئەیشارنەوە.

ومع هذا التحريف والتبديل فقد نسختها شريعة محمد عليه الصلاة والسلام وأبطلتها كما سبق .
نسأل الله سبحانه أن يعز دينه ويعلي كلمته وصلى الله على نبينا محمد وعلى اله وصحبه أجمعين ..

لەگەڵ ئەو دەستکاری وگۆڕانکاریەشدا شەریعەتی محمد صلى الله عليه وسلم ئەوئاینانەی پوچەڵ کردەوە ونسخ ی کردوە لەاللە تعالى داواکارین دینەکەی خۆی بەعیزەت کات ووشەی خۆی بەرزکاتەوە وصلى الله على نبينا محمد وعلى اله وصحبه أجمعين ..
وتەکەی شێخ حمود بن عقلاء الشعيبي تەواوبوو

کەواتـا مەلا موقبیل کەهەڵگری بیری برایەتیە لـەگەڵ ئاینەکان و لەبڕی بەباتڵ زانین وپوچەڵ دانانی ئاینەکانیان ڕێزی لێ ئەگرێت وبەپیرۆزی ئەزانێت ئـایا هیـچ وشەیەکی ترماوەتەوە بینوسین تاهەقیقەت ـی ڕیشداره ماسکداره عەلمانیە ماسۆنیەکانتان پیـشان بەین ؟

وەڵامێـک بۆ مستەفا زوڵـمی
الله تعالـی گۆڕی پڕکات لـەئاگر

ولەڕەحـمـی خۆی دووریــــــخاتــــــەوە ئەم دەجالـە کەهەنێـک لەخەڵـکی بەنوێکەرەوەی دین ـی دائەنێن بەڵام لەڕاستیدا دەجالێـک بووە بڕوای بەدەوڵەتـی دین ـی نەبوە کەلەسەر ئـەحکامە شەرعیەکان دامەزرێت ڕەدی دەیان ئایەت وفەرموودە ئەیاتـەوە بەئەقڵ وەئەقڵ پێش نەقڵ ئەخات لێرە ئەم ڤیدۆیەی بـەرچاوم کەوت پێم باش بـوو وەڵام ـی ئەم چەواشەکاریـانەی بەمەوە کەئەڵێت ڕیش عادەتە چونکە الله تعالی فەرمانی پێنەکـردووە خۆئەگەر ڕیش بەدینداری ئەزانن کەواتا قژدرێژکردنیش بەدینداری بزانن.

پێش وەڵامدانەوەی ئـەم دەجالە ئەمەوێ سەرنجی خوێنەران بۆئەوە ڕاکێشـم ئایا عیبادەت چیـە وعادەت (نەریت چیە) ؟

١ - عیبادەت بریتیە لەهەرشـتێک الله تعالی وپێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم فەرمانیان بەکردن ـی کردووە پاداشتیـان بۆبکەری ئەوکارە داناوە بـەنزیکبونەوە لەالله تعالی دانراوە لەشەرعدا بۆیە وەک شێخ ـی ئیسلام ابن تیمیة رحمە الله تعالی فەرموویەت ـی عیبادەت هەرشتێکە الله تعالی وپێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم خۆشیان ئەوێت وبەکردن ـی ڕازیـن لەکار وگوفتارەکان ـی دڵ وجەستە وزمان مرۆڤ بەکردن ـی پاداشت ـی بۆدانراوە پێی لەالله تعالی نزیـک ئەبێتەوە.

بەڵام عادەت (نەریت) بریتیە لەوشتانەی خەڵکی لەناوخۆیاندا خووی پێوە ئەگرن لەخــواردن وخواردنــەوە وشێــوازی نیشتــەجێ بوون جل وبــەرگ و

هۆكارەكـانی گواستنەوە ومامەڵەكردن ...هتد.

جیـاوازی نێوان عادەت وعیبادەت چیە ؟

جیاوازیـەكە ئەوەیە بنچینە لەعیبادەت قەدەغەیـە واتا بۆت نیە هیچ شتێـك بەدینداری دانێیت تابەڵگەیەک ئەهێنێت لەدیندا كەئەم كارە لەدیندا شـەرعیە ودینداریە وكردنی ئەبێتە هۆی ڕازیبون ونزیكبونەوە لـە الله تعالی.

بەڵام عادەت بنچینە تێیدا ئەوەیـە حەڵاڵە تائەوكاتەی بەڵگەیـەک لەشەرع یەت لەسەر حەرامكردن ـی بۆیە گەر كەسێـك لەخۆیەوە هەستا وتی فڵان شت كەخەڵكی ئەیكەن حەرامە ئەوا داوای بەڵگەی لێ ئەكەین ئایا بەڵگەت چیە ئەوشتە حەرامە ؟ چونكە ئەصل لەعادەت بریتیە لەحەڵاڵبون تابەڵگەیەک یەت لەسەرحەرامبوون ـی بەڵام گەر كەسێک وتی ئەم كارە بكەن خێر وچاكەیـە ئەڵێین بەڵگەت چیە ئەم كارە الله تعالی وپێغەمبەرەكەی صلی الله علیه وسلم شەرعاندوویانە ؟ گەر بەڵگەی نەبوو ئەوا ئەوترێ ئەوكارە كردنی بیدعەیە بەڵام كەبەڵگەی لەسەر هاتبوو ئەوا ئەوكارە پێی ئەوترێ عیبادەتە.

كـەواتا ئێستا بابزانین ئایا ڕیش هێشتنەوە عادەتە یـان عیبادەت ؟

ئەو دەجالە ئەڵێت الله تعالی فەرمانی بەڕیش نەكردووە ! سەرەتـا هەرفەرمانێـک هەرشتێک پێغەمبەر ئەیلێت صلی الله علیه وسلم لەدیندا ئەوا بەوەحی الله تعالی ئەیلێت قسەی خۆی نیە قال الله تعالـی : ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ﴾ ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ﴾

وە قسەو گوفتاری پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە ڕووی هەواو ئارەزووەوە نیە هەرچیەک ئەڵێت لەلای الله تعالی ـوە بەوەحی بۆی ڕەوانەکراوە.

کەواتا فەرمایشت ونەهیەکان ـی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەلایەن الله تعالی ـوە بۆی هاتوە نەک قسەی خۆی بێت پاشان بەڵگە لەسەرئەوەی ڕیش فەرمان ـی شەرعی لەسەرە لەلایەن الله تعالی ـوە.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەت ـی : « أمرني ربي أن أعفي لحيتي وأحفي شاربي ». [رواه أبو نعيم (الدلائل)]
پەروەردگارم فەرمانی پێکردووم ڕیش بهێڵمەوە درێژی بکەم وسمێلم کورت بکەمەوە.

عبدالله ـی کوڕی عمر گێڕاویەتیەوە کەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەت ـی « احفوا الشوارب واوفوا اللحى » ئیمام ـی مسلم ڕیوایەت ـی کردووە، سمێڵتان کورت کەنەوە ڕێشتان بەپڕ ودرێژی بهێڵنەوە.

وەهەروەها فەرموویەت ـی « جزوا الشوارب وارخوا اللحى » [مسلم]
سمێڵتان کورتکەنەوە ڕیش بەربەنەوە.

ئیمام ـی بخاری لەابن عمر گێڕاویەتیەوە لەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەت ـی « وفروا اللحى واحفوا الشوارب »
ڕیشتان بەچڕوپڕی بهێڵنەوە وسێمڵتان کورت کەنەوە.

لەڕیوایەتێکی تری بخاری ومسلم هاتوە : « انهكوا الشوارب واعفوا اللحى »
سمێڵتان کورت کەنەوە لەڕیشتان گەڕێن وبەری بەنەوە.

هەروەها فەرموویەتـ ـی : « أَحْفُوا الشَّوَارِبَ وَوَفِّروا اللِّحَى خَالِفُوا الْمَجُوسَ »

[البخاري 5892]

سمێڵ كـورت كەنەوە ڕیش بەربەنەوە پێچەوانەی مەجوس بـكەن.

هەروەها فەرموویەتـ ـی : « خَالِفُوا المشركينَ وَفِّرُوا اللِّحَى وأَحْفُوا الشَّوَارِبَ »

[رواه البخاري (5892) ومسلم (259)]

پێچەوانەی موشریكەكان بـكەن ڕیش درێژكەن وبەری بەنەوە وسمێل كورت كەنەوە.

كـەواتا گەر ڕیش هێشتنەوە عادەتێـك ـی هاوبەشی نێوان كافران وموسڵمـانان بوە بۆچی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانیكردووە بەپێچەوانەكردن ـی كافران بەكورتكردنەوەی سمێل و ڕیش درێژكردن ؟ بەڵكو شتێک عادەت بێت وپەیوەندی بەدینەوە نەبێت ئەوكـات پێویست بەوەناكات فەرمان بكات بەپێچەوانەكردنـیان وە ئەبینین فەرموودەكان بەشێوەی فەرمان هاتوە واتـا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەشێوەی ئەمركردن داوای كردووە ڕیش درێژبكرێت و دەستكاری نەكرێت فەرمانیش لەشەرعدا بـۆ واجب بـوونە واتا بەجێ بەجێ نەكردن ـی فەرمانەكە تاوانباری وشایستەی سزای دۆزەخ ـی وەک لەبنەمـا شەرعیەكاندا هاتوە (الأصل في الأمر الوجوب) ئەصل لەهاتنی هەرفەرمـانێكی شەرعی بـۆ واجب بـوونە، بـەڵگەش وتەی الله تعالى ـیە ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾

ئەوانەی سەرپێچی لە فەرمانی پەیامبەر صلى الله عليه وسلم ئەكەن بـاترسن كە سەرەنجام تووشی بەڵاو (شیرک ببنەوە) یا تووشی سزایەكی بە ئێش ببن.

کـەواتا ئەگەر فەرمان ی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مانای واجب بوون نەگەیەنێت ئەم هەرەشە قورسە نەئەکرا لەوانەی فەرمانەکەی جێ بەجێ ناکەن کەواتا ئەصل بریتیە لەواجب بونی فەرمانەکانی ئیلا مەگەر بەڵگەیەکی صەریح هاتبێت ئەو فەرمانە لەواجب لابات بۆ سونەت کەواتـا ڕیش واجبێکی شەرعیە پێغەمبەر صلَّى الله عليه وآلِه وسلَّم خۆی ڕیشێکی چڕوپڕی هەبـوە وەک ڕیوایەت کراوە (أنَّه كان كَثَّ اللِّحيةِ) [رواه البخاري ومسلم]

ئێستا کەزانیت ڕیش هێشتنەوە واجبێکی شەرعیـە ئایا دروستە لێی کورت بکەیتەوە ؟ زاناکان خیلافیـان هەیە هەنێـک ڕێگەیـان یاوە بەوەی ئەگەر ڕیش لەمشـتێک زیاتربوو زیادەکەی ئەتوانیت لێ ببڕیت هەنێکیش بەرەهای ڕێگری لەکورتکردنەوەی ڕیش ئەکەن بـەهەموو جۆرێـک.

ابن قـاسم لەئیمام ی مالک گێڕاویەتیەوە فەرموویەت ی هیچ کێشە نیە ئەو تاڵە شازانەی لەڕیش جیائەبنەوە ببڕێت وترا بەمالک : فإذا طالت جدًّا قال أرى أن يؤخَذَ منها وتُقَصَّ ورُوِي عن عبد الله بن عمر وأبي هريرة رضي الله عنهم أنَّهما كانا يأخذانِ مِن اللِّحيةِ ما فضَل عن القبضةِ.
ئـەگەر ڕیشەکە زۆر درێژ بـوو ؟ ئیمام مالک فەرمووی وای ئەبینم لێی بگرێت ـو کورت ی بکاتەوە ڕیوایەتکراوە لەعبدالله ی کوڕی عمر وابی هریرە کەئەوان ئەوبەشەیان لەڕیش ئەبڕی کەلەمشتێک زیـاتربـووایە. [المنتقى شرح الموطأ 4/367]

هانئ لەمسائل ـەکەیدا (2/151) ئەفەرموێت پرسیارمـ کـرد لەباوکی عبدالله (احمدی کوڕی حنبل) فەرمووی : يأخذُ مِن اللِّحيةِ ما فضلَ عن القبضة.
ئەوبەشەی ڕیش کورت ئەکاتەوە کەلەمشت زیاترە ولەمشت تێپەڕیوە.

المرداوي لـــە (الإنصاف) (1/121) فـــەرموویـــەت ی : ولا يُكرَهُ أخذُ ما زاد على

القبضةِ ونصُّ أحمد- لا بأسَ بأخذِ ذلك.
کەڕاهەت ـی نیە گەر ئەو ڕیشەی لەمشت زیاترە ببڕێت دەقـی وتـەی ئیمام احمد لەسەر ئەوەیە لێگرتنی ئەوبەشەی ڕیش کێشەی نیـە.

شیخ الإسلام ابن تیمیة لە (شرح العمدة) (1/236) فـەرموویەت ـی : وأمَّا إعفاءُ اللِّحيةِ فإنَّه يُترَكُ ولو أخذَ ما زاد على القبضةِ لم يُكرَهْ.
سەبارەت بەڕیش هێشتنەوە وەک خۆی بیهڵێتەوە و وازی لێ بهێنێت خۆئەگەر لەمشت زیاتـر بوو لێی بگرێت ئەوە کەڕاهەت ـی نیە.

هەنێکی تر لەزانایان وتویانە بەهیچ جۆرێک نابێت لەڕیش بگرێت الحافظ ابن حجر لـە (الفتح) (10/350) فـەرموویەت ـی : قال الطبري ذهبَ قومٌ إلى ظاهر الحديثِ فكَرِهوا تناوُلَ شيءٍ من اللِّحيةِ مِن طُولِها ومِن عَرضِها.
طبری فەرموویەت ـی هەنێک بۆئەوە ڕۆشتون لەسەر ڕواڵەت ـی فەرموودەکە بڕینی هەموو بەشێکی ڕیشیان بەکەڕاهەت زانیوە چ ـێ لەدرێژیەکەی یان لەپانیەکەی.

ئیمام ـی النووي لە(المجموع) (1/290) فـەرموویەت ـی (والصحيحُ كراهةُ الأخذِ منها مُطلقًا بل يترُكُها على حالِها كيف كانت للحديثِ الصَّحيحِ (وأعفُوا اللِّحى) وتـەی ڕاست ئەوەیـە کەڕاهەتی هەیە لەڕیش بگریتەوە بەڕەهایی بـەڵکو لێی ئەگەڕێیت خۆی چۆن بوو بەوشێوە لێی ئەگەڕێی لـەبەر فەرموودەکە ڕیش بەربەنەوە.

وە فەرموویـەت ـی لە شەرح ـی صحیح مسلم (3/151) : والمُختارُ تَركُ اللِّحيةِ على حالهاوألَّا يتعَرَّض لها بتقصيرِ شَيءٍ.
وتەی هەڵبـژێردراو بریتیە لەوازهـێنان لەڕیـــش لەســەر باردۆخــی خـۆی وە

دەستکاری ڕیش نەکات بەکورتکردنەوەی هیچ شتێکی.

شێخ ـی ئیسلام ابن تیمیة رحمه الله تعالى لەوتەیەکیدا لە (مجموع الفتاوى (11/85) فـەرموویـەت ـی : أمَّا ما سَمِعتُم من بعض النَّاسِ أنَّه يجوز تقصيرُ اللِّحية خصوصًا ما زاد على القبضةِ فقد ذهب إليه بعضُ أهلِ العِلمِ فيما زاد على القبضةِ وقالوا: إنَّه يجوزُ أخذُ ما زاد على القبضةِ.

ئەوەی بیستوتـانە لەهەنێک لەخەڵک کەوتویانە دروستە ڕیش کورت کەیتەوە بەتایبەت گەر لەمشت زیاتربوو هەنێک لەزانایان بۆئەم بۆچوونە ڕۆشتون وتویـانە دروستە ئەگەر لەمشت زیاتربوو زیادەکەی ببڕیت.

استنادًا إلى ما رواه البخاري عن عبد الله بن عمر رضي الله عنهما أنَّه كان إذا حَجَّ أو اعتمر قبضَ على لحيتِه فما زاد أخذَه.

بەڵگەشیان ئەوەیە کەبخاری ڕیوایەتیکردووە لەعبدالله ـی کوڕی عمر کەکاتێ حەج ـی کردایـە یان عەمرە ڕیش ـی خۆی بەمشتی ئەگرت ئەو زیادانەی لەمشت زیاتربوونایـە ئەیبڕی.

ولكِنَّ الأَولى الأخذُ بما دَلّ عليه العمومُ في الأحاديثِ السَّابقةِ؛ فإنَّ النبيَّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم لم يستثنِ حالًا من حالٍ.

بەڵام لەپێشتر ئەوەیە دەست بەوەوە بگیرێت کەفەرموودەکان بە گشتگیری ئاماژەی کردوە بەڕیش هێشتنەوە هیچ دۆخێـکی لێ جیانەکردۆتەوە.

هەروەها ئەم زانایـانە فەرموویانە ئەوفەرموودانەی لەسەر هێشتنەوەی ڕیش

ودەستکاری نەکردنی هاتون خودی ابن عمر گێڕاویەتیەوە بۆیە وتویانە کار بەوقاعیدەئەکرێت (العِبرةُ بروايةِ الرَّاوي لا برأيِه).
عیبرەت بەڕیوایەتی ڕاویەکەیە نەک بەبۆچونی ڕاویەکە.

کەواتا دەستگردن بەگشتگیری ڕیوایەتەکان لەپێشترە کەبریتیە لەدەستکاری نەکردن ی ڕیش ئەگەرچی لەمشت زیاتریش بوبێت.

ئیجماع لەسەر حەرامبون ی ڕیش تاشین

ابن حزم له (مراتب الإجماع) پەڕەی (157) ئیجماع نەقڵ ئەکات لەسەر حەرامبونی ڕیش تاشین النفراوي وتویەت ی : لا شَكَّ في حُرمتِه عند جميعِ الأئمَّةِ لمخالفتِه لسُنَّةِ المصطفى صلَّى اللهُ عليه وسلَّم.
لەلای هەمووان هیچ گومانێک نیە له حەرامبونی ڕیش تاشین لەبەرپێچەوانەکردن ی سونەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم.

[الفواكه الدواني 2/306]

بەڵکو ڕیش تاشین لەعنەت ی لەسەرە چونکە خۆشوبهاندنە بەشێوەی ڕووخساری ئافرەت ابن عباس ئەفەرموێت : لَعَنَ رَسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم المُتَشَبِّهينَ مِنَ الرِّجالِ بالنِّساءِ، والمُتَشَبِّهاتِ مِنَ النِّساءِ بالرِّجالِ.

[صحيح البخاري 5885]

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەفرەت ی کردووە لەوپیاوانەی خۆیان بەئافرەتان ئەشوبهێنن و لەوئافرەتانەشی خۆیان بەپیاوان ئەشوبهێنن.

پـاشـان ئایا جیاوازی ڕیش وقژ چیـە ؟

سەلماندمان ڕیش دەیان بەڵگە بەشێوەی فەرمان هاتوە بۆهێشتنەوە ودرێژکردن ـی وهەڕەشەکردن لەوانەی ئەیتاشن کەواتا ڕیشدانان عیبادەتێکی واجب ـە بەڵام سەبارەت بەقژدرێژکردن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم درێژی کردووە وتاشیویەتی نەفەرمانیکردووە بەدرێژکردن ـی نەفەرموویەت ـی لەدرێژکردن ـی پاداشت هەیە نەفەرموویەت ـی لەتاشین ـی تاوانبارئەبیت بەڵام تەنها فەرمانیکردووە بەوەی گەرکەسێک قژی هەبوو خزمەت ـی بکات.

أبي هريرة رضي الله ئەفەرموێت رسول الله صلى الله عليه وسلم فەرموویەت ـی : « مَن كان له شعر فليكرمه ». [رواه أبو داود 4163 وحسَّنه الحافظ ابن حجر فتح الباري 10/368]

هەرکەس قژی بوو باگرنگی پێ بات.

نەیفەرموو ئەوانەی قژیان نیە لەسونەت لایان یاوە یانەیفەرموو سەرپێچی منیان کردووە کەواتا کارێکی موباحە بەڵام گەر کەسێک لەقژدرێژکردن نیەت ـی ئەوەبێت چاو لەڕەفتارەکان ـی پێغەمبەر بکات صلى الله عليه وسلم تەنانەت لەوکارانەشی کەسونەت و واجب نین ئەوە بێگومان پاداشت ـی بۆهەیە وەک ابن عمر ڕەزای الله ـی لێ بێت بەو ڕێگایەدا هەنگاوی ئەبرد کەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێیا ڕۆشتبوو.

وەڵامێک لەلایەن ئەهلی حەدیث بۆ عەدنان ابـراهیم ـى بەناو قورئان ـى

عەدنان ابراهیم ـى بەناو قورئان ـى دەجال ئەڵێت عیسا علیه السلام مردووە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کەالله تعالى فەرموویەت ـى : ﴿ وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ اللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ ۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ ۚ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ ﴾ ﴿ مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ ۚ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ ۖ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴾ ئەوکاتەی الله تعالى بەعیسای کوڕی مەریم ئەفەرموێت ئایا تۆ بەخەڵکت وتوە کەتۆ ودایکت لەجیات ـى الله تعالى وەک دووپەرستراو بپەرستن؟ عیساش ئەفەرمووێت پەروەردگارم من هەمیشە تۆ بە پاک و خاوێن ڕا ئەگرم و هەرگیزیش بۆ من ناشێ شتێکی ناراست و ناشیاوی وا بەرامبەر بە تۆ بڵێم ئەگەر ئەو قسەیەم کردبێ بێ گومان تۆ خۆت ئەیزانی هەرچی لەناخی مندایە تۆ ئەیزانیت بەڵام من دەربارەی ئەوەی لە نەفس و زاتی تۆدایە نایزانم بەڕاستیی تەنها هەر خۆت بەهەموو نادیارەکان زانایت.

چیت فەرمانێکت پێکردبووم منیش هەر ئەوەم پێ وتوون پێم وتون کە تەنها هەر الله تعالى بپەرستن کە پەروەردگاری من و ئێوەشە هەتا لە ناویشیاندا بوم ئاگاداریان بووم کە مردیشم بەفەرمانی خۆت ئیتر تۆ خۆت چاودێرو ئاگاداریان بوویت دیاریشە کە تۆ بۆخۆت بەسەر هەمووشتێکا بە ئاگای.

ئەم دەجالە هاتوە ئەڵێت ئەم ئایەتە ﴿ توفيتني ﴾ ماناى مردن ـی هەقیقی ئەیات وە ئەو ئایەتەش کەئەفەرموێت ئەی عیسا بەرزت ئەکەمەوە بۆلای خۆم مەبەست ـی بەرزکردنەوەی پێگەو پلە وپایەیە ئەم دەجالە وازی هێناوە لەهەموو ئەو ئایەتانەی تر کەبەڕوونی ئەم ئایەتە بۆمان تەفسیرئەکات.

کاتێک الله تعالى فەرموویەتی : ﴿ إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَىٰ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ ۖ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴾

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە مەبەست پێی مردن نیە چونکە گەر مەبەست پێی مردن ـی هەقیقی بێت ئەوا عیساش وەک هەموو ئیماندارەکان ـی تر ئەبوو چونکە الله تعالى ڕوحی هەموو باوەڕداران ئەکێشێت وبەرزی ئەکاتەوە بۆئاسمان گەر ئەم بەرزکردنەوەیەش بەهەمان واتا بوایە کەواتا تایبەتمەندی تێدانەئەبوو بۆعیسا بەهەمان شێوە الله تعالى فەرمووی ﴿ ومطهرك من الذين كفروا ﴾ لەبەدکاری ئەوانەی کەباوەڕیان نەهێناوە ئەتپارێزم وناهێڵم زیانت پێبگەیەنن.

خۆئەگەر ڕوحی لەجەستەی جیابوبێتەوە کەواتا جەستەکەی لەسەر زەوی ماوەتەوە وەک هەموو پێغەمبەرانی تر وجەستەکەی ئەکەوتە دەست دووژمنەکان ـی بەڵام الله تعالى بەڕوونی باسی ئەکات وئەفەرموێت : ﴿ وما قتلوه وما صلبوه ولكن شبه لهم وإن الذين اختلفوا فيه لفي شك منه ما لهم به من علم إلا اتباع الظن وما قتلوه يقينا بل رفعه الله إليه ﴾
نە توانییان بیکوژن ونە توانیشیان لە خاچ ـی بەن وەکو خۆیان ئەڵێن بەڵکو سەریان لێ تێکچوو بوو پیاوێکیان بینی لەشێوەدا لەعیسا ئەچوو وایان زانی عیسایەو لەخاچیان یا ئەوانەی دەربارەی ئەو کێشەیانە لە دوودڵیدان هیچ

زانستیەکیان بەوە نییە جگە لەشوێنکەوتی گومان نەبێ بەڵام بەیەقین و بێگومان نەیانکوشتووە بەڵکو الله تعالى بەرزی کردەوە بۆلای خۆی.

کەواتا ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەرئەوەی الله تعالى بەجەستە وروحەوە بەرزی کردەوە بۆلای خۆی خۆگەر الله تعالى مەبەست ـی ئەوەبوایە ئەوا ئەیفەرموو ﴿ وما قتلوه وما صلبوه بل مات ﴾ ئەوان نەیانکوشت ولەخاچیان نەیا بەڵکو خۆی مرد بەفەرمانی الله.

هەربۆیە ئایەتی ﴿ إني متوفيك ﴾ واتا ڕوح وجەستەت پێکەوە ئەکێشمەوە بەرەو ئاسمان بەرزت ئەکەمەوە.

وشەی (التوفي) هەنێجار مەبەست پێی خەوتن وخەواندنە وەک الله تعالى فەرموویەت ـی ﴿ الله يتوفى الأنفس حين موتها والتي لم تمت في منامها فيمسك التي قضى عليها الموت ويرسل الأخرى إلى أجل مسمى إن في ذلك لآيات لقوم يتفكرون ﴾ [الزمر: 42]

الله تعالى ئەو زاتەیە کە گیانی خەڵکی ئەکێشێ لە کاتی مردنی خاوەنەکانیاندا وە ئەو گیانانەش کە خاوەنەکانیان نەمردوون و لە خەودان هەر بۆ لای خۆی گیانیان ئەکێشێ ئینجا ئەو گیانانە ڕا ئەگرێ کەبڕیاری مەرگی خاوەنەکانیانی یاوە چیتر ناگەڕێتەوە بۆجەستەکانیان گیانەکانی کەش ئەنێرێتەوە نایانمرێنێ تا کاتێکی دیاریکراو دەژین.

کەواتا بەدەقی ئایەت خەو بەگیان کێشان ومردن ناوبراوە جیاوازیەکەشی لەگەڵ مردن ـی هەقیقی ئەوەیە ڕوحەکە ئەگەڕێتەوە بۆجەستەکە وجیانابێتەوە لەجەستەکە تائەوکاتەی بڕیاری مردن ـی یەت.

هەربۆیە زانایان ـی تەفسیری قورئان وەک ئیمام ـی طبری لەتەفسیری ئایەتەکەیا فەرموویەت ی زانایان ـی تەفسیر لەبارەی وشەی (الوفاة) کەالله تعالی باسی کردووە چەند بۆچونێکن.

هەنێکیان وتویانە : هي وفاة نَوْم وكان معنى الكلام على مذهبهم إني مُنِيمك ورافعك في نومك.
ئەو مردنە بریتیە لەخەوتن بۆیە مانای وتەکەیان ئەوەیە من تۆئەخەوێنم لەکاتی خەوتویتدا بەرزت ئەکەمەوە.

هەنێکی تریش لەزانایان وتویانە : معنى ذلك إني قابضك من الأرض فرافعك إليّ قالوا ومعنى الوفاة القبض ...فمعنى قوله إني متوفيك ورافعك أي قابضك من الأرض حيًّا.
ماناکەی بریتیە لەوەی من تۆ ئەکێشمەوە لەزەوی وبەرزت ئەکەمەوە بۆلای خۆم وەمانای وەفات بریتیە لەبردنەوە (وەرگرتنەوە) .. مانای ئەوەش ئەوەیە من تۆ ئەبەمەوە بەرزت ئەکەمەوە لەزەوی بەزیندووی.

کەواتا وشەی وەفات مەرج نیە بۆمردن بێت وەک الله تعالی لەئایەتێکی تردا فەرموویەتی : ﴿ وَهُوَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُم بِاللَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِالنَّهَارِ ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ لِيُقْضَىٰ أَجَلٌ مُّسَمًّى ۖ ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ﴾
الله ئەوزاتەیە کە بەشەودا ئەتانمرێنێ هەستان لێئەسێنێ وەک مردووتان لێ یەت و بە رۆژیشدا هەر تاوانێ بکەن پێی ئاگادارە پاشان بەرۆژ ڕاتان ئەپەرێنێ تا ماوەی دیاریکراوی خۆتان بەسەر ئەبەن ئەگەنە کۆتایی تەمەنتان لەپاشاندا ئەتانمرێنێ وئەگەرێنەوە بۆلای خۆی.

کەواتا بەکۆکردنەوەی دەقەکان ی قورئان تێئەگەین ئەو وەفاتە کەبۆ عیسا بەکارهاتوە مردن ی جیاکردنەوەی ڕوح لەجەستە نیە چونکە بەدەقی ئایەت وشەی وەفات بۆخەو بەکارهاتوە کەمرۆڤەکە هێشتا زیندووە بۆیە ئەو وشەی وەفاتە بەمانای مردنی جیاکردنەوەی ڕوح لەجەستە نایەت چونکە الله تعالی نەفی کوشتنەکەی کردووە وە اثبات ی بەرزکردنەوەی خودی عیسای کردووە بۆلای خۆی لەدەست ی دووژمنەکانی پاراستویەتی وەفەرموویەتی بۆلای خۆم بەرزم کردۆتەوە وە لەبەڵگەکانی دوواتردا دایئەنێم کەبەدەقی ئایەت عیسا هێشتا نەمردووە تادائەبەزێتەوە سەرزەوی بەکۆکردنەوەی هەموو ئەم دەقانە تێئەگەین لەوەی ئەو وەفاتە بەمانای خەواندن یان کێشانەوە بۆئاسمان یەت نەک بەواتای کێشانی ڕوح لەجەستە چونکە گەر دەست بەیەک ئایەتەوە بگریت بۆتەفسیری وشەکانی ناوئایەتەکە بەئایەتەکانی تری قورئان تەفسیری نەکەیت ئەوا ئەبێت نکۆڵی لەو هەموو ئایەتانەی تر بکەیت.

پاشان ئەو دەجالە ئەڵێت لەقورئاندا بەسەریح ی هاتوە کەعیسا مردوە وەهیچ ئایەتێکیش نیە باس لەوە بکات کەئەگەڕێتەوە بۆسەر زەوی ئەم دووئایەتە لەسورەت ی النساء 158 و159 بەسە بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەم دوو درۆیەی ئەم دەجالە الله تعالی فەرموویەتی : ﴿ بَل رَّفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴾ ﴿ وَإِن مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ ۖ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا ﴾

بەڵکو الله تعالی عیسای بەرەو لای خۆی بەرز کردەوە الله تعالی هەمیشەو بەردەوام بەدەسەڵات و کارزانە خۆی ئەزانێ چی ئەکات،

کاتێ عیسا لە ئاسمان دائەبەزێت گشت خاوەن کتێبەکان پێش مردن ی عیسا بڕوای پێ ئەهێنن وە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەبێتە شایەت لە سەریان کە پەیامەکەی الله تعالی ی بەرێکوپێکی پێگەیاندوون.

کەواتا ئەم ئیمان هێنانەی ئەهلی کتاب بەعیسا علیه السلام تەنها ئەوکاتەیە کەدائەبەزێت چونکە جولەکە بڕوایان بەعیسا نیە ئەڵێن ساحیر بووە والعیاذ بالله کەواتا بەدەقی ئایەت هێشتا عیسا نەمردووە چونکە الله تعالی ئەفەرمووێت هەموو ئەهلی کتاب پێش مردنەکەی بڕوای پێ ئەهێنن گەر عیسا مردووە ئەی کوا بۆ هەموو ئەهلی کتاب بڕوایان بەپێغەمبەرایەتی عیسا نیە نمونەی جولەکە ؟ کەواتا هێشتا عیسا زیندووە بۆیە دائەبەزێت جولەکە بڕوای پێ ئەهێنن وگاورەکان بڕوای پێ ئەهێنن بڕوا هێنانیان بەهەقیقەتی عیسا علیه السلام بریتیە لەشایەتیدانیان بەپێغەمبەرایەتی محمد صلی الله علیه وسلم چونکە عیسا بەشەریعەتی محمد صلی الله علیه وسلم پەیڕەوی ئەکات.

هەربۆیە ئەم عەدنان ابراهیم ە دەجالە کەجحدی ئایەت ی صریح ئەکات تەنانەت لەگەڵ قسەکانی خۆشیدا ڕاستگۆنیە چونکە خۆی ئەڵێت من فەرموودە ئەگەر لەبواری عەقیدە بێت تەنها احاد وەرناگرم ئەما فەرموودەی عەزیز وەرئەگرم دەی فەرموو فەرموودەکان ی گەڕانەوەی عیسا نەک عەزیز ومشهور بەڵکو گەشتۆتە پلەی متواتر.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەت ی : « والذي نفسي بيده ليوشكن أن ينزل فيكم ابن مريم حكما عدلا فيكسر الصليب ويقتل الخنزير ويضع الجزية ويفيض المال حتى لا يقبله أحد ».
سوێند بەوەی نەفسی من ی بەدەستە نزیکە عیسای کوڕی مەریەم دابەزێت بۆناوتان حاکمێکی دادپەروەر خاچ ئەشکێنێت و بەراز ئەکوژێت جزیە هەڵئەگرێت ومال وسامان هێنە زۆرەبێت تاوای لێ یە کەس وەریناگرێت.

[البخاری ومسلم]

وەڵامێک بۆ مبتدع وسەرلێشێوا و گومڕاوسەرگەردان لادەر و منحرف (بەناو مەلا خەلیل شارباژێری)

کەجوێن ئەیا بە ابن تیمیە و دەڵێت عەقیدەی ابن تیمیە تەواوونیە پێمان بڵێ لەچیدا عەقیدەی تەواونیە؟ دواتر ڕونکردنەوەیەکی نوسیوە تەنها حاشا لە جوێنەکانی دەکات بەبێ ئەوەی حاشا لەتانەدانەکانی بکات لەسەر ئیمامی ابن تیمیە وە بەدرۆوە نوسیویەتی ئێمە عەقیدەمان ئاشکرایە وهیچ ناشارینەوە

فواللە ثـم واللە درۆدەکات اللە شاهێدە خۆم لەگەڵیدا ڕووبەڕوو قسەم کردووە وتویەتی هەندێ شـەرحی کتێبەکان ی سەلەفـم کردووە داماناوە دوای مردنم بڵاوبکرێتەوە ئێستا بڵاوی ناکەمەوە بۆیە ئەم مبتدعە وەکـ پیشەی هەموو مبتدعەکانی تر عەقیدەی خۆی دەشارێتەوە تا بەر تیری ئەهلی سونەت نەکەوێت اللە شاهێدە لەسەر قسەکەم.

بەڵێ بەناو مەلا خەلیل ئێمەش ئەڵێین (ابن تیمیە شێخ ی ئیسلامە وئیمامی ئەهلی سونەتە بەشاهێدی زاناکان ی ئیسلام) بەشی سەگەکانیش تەنها حەپینە بەم ئیمامە بەڕێزە) ئەگـەر خۆت بەخاوەن علم دەزانیت علم ی تۆ لەچاو ئەوزانایانەی وەسفی ابن تیمیەدەکەن چڵێکـ نیە لەدەریایەکـ

ئەگەر خۆتت پێ هەقە وەرە هەڵە عەقیدەیەکانی شێخ باس بکە تا بەبەڵگە دەمت دابخەین کەابن تیمیە بەئەندازەی تاڵە موویەک لەمەنهەجی سەلەف لای نەیاوە.

ابن تیمیە کێیە ؟

شیخ الإسلام أحمد بن عبد الحلیم بن تیمیة نوێکەرەوەی ئیسلام لەساڵی 661 هجری لەدایک بوە ولەساڵی 728 هجری کۆچی دوای کردووە زیندووکەرەوەی مەنهەج ی سەلەف بوو لەسەردەمێکدا کە جەهمیەت وئەشعەریەت باڵیان بەسەر ئوممەتی ئیسلامیدا کێشابوو زیندان کرا وئەشکەنجەدرا لەپێناو چەسپاندنی عەقیدەی سەلەف و گەیاندنی وتەکانی سەلەف بەئوممەت زانابووە لەعەقیدە و لەفیقهـ و لەفەرموودە ولەتفسیر و لەمێژوو و لەنحو صرف و هیچ بوارێک نیە شێخ ی ئیسلام پشکی گەورەی نەبوبێت لەزانست لەسەری

شایەتی زانایان لەسەر ئیمام ابن تیمیە

ئیمام ی الحافظ ابن عبد الهادي شێخ ی العلامة، الحافظ، وفەرموودەناس شمس الدین محمَّد بن أحمد بن عبد الهادي المقدسي، الصَّالحي، الحنبلي. 744هیجری وەفاتی کردووە دەفەرموێت لەکتێبەکەیدا (مناقب ابن تیمیة): (وَكَانَ رَحمَه الله سَيْفاً مسلولاً على الْمُخَالفين، وشَجاً فِي حلوق أهل الْأَهْوَاء من المبتدعين. وإماماً قَائِماً بِبَيَان الْحقِّ، ونصرة الدّين) ڕەحمەتی الله ی لێ بێت (ابن تیمیە) شمشێری هەڵکێشراوبوو لەسەر پێچەوانکارانی سونەت وەگرێیەک بوو لەگەروی ئەهلی ئارەزوو لەبیدعەچیەکان وە پێشەوا بوو لەڕونکردنەوەی هەق و سەرخستنی دین.

ئیمام ی ابن دقیق العید ی شافعی زانای فەقیهـ وفەرموودەناس دەفەرموێت : (لمَّا اجْتمعت بِابْن تَيْمِية رأيتُ رجلاً الْعُلُوم كلهَا بَين عَيْنَيْهِ يأخذ مِنْهَا مَا يُرِيد) کاتێ گەشتم بەابن تیمیە بینیم پیاوێکە هەرچی زانستە لەنێوچاوانیدا پێویستی بەهەرزانستێ بێت بەویستی خۆی لەوزانستە هەڵدەبژێرێت.

الصفي الهندي فەقیهـ و زانای ئصولی قاضی مصر وشام وموفتی ئیسلام محمد ابن الشيخ صفی الدين الانصارِی لە 715 ـی هیجری وەفاتی کردووە ـدەفەرموێت : (إِن لم يكن ابْن تَيْمِية شيخ الْإِسْلَام فَمن؟!) ئەگەر ابن تیمیە شـێخ ـی ئیسلام نەبێت کێ شـێخ ـی ئیسلامە ؟.

ابن الزملكاني شافعـی فەقیهـ وئصولی ئیمامی شافعیەکان لە727 هیجری وەفاتی کردووە ـدەفەرموێت الحافظ ابن رجب رحمە الله تعالی لە (طبقات) :ـدەفەرموێت : (وَبَلغنِي من طَرِيق صَحِيح عَن ابن الزملكاني: أَنَّه سُئِلَ عَن الشَّيْخ يَعْنِي ابْن تَيْمِية فَقَالَ: لم يُر من خَمْسمِائَة سنة أَو قَالَ أَرْبَعمِائَة سنة)
پێم گەیشتوە بەڕێگەی سەحیح لەابن الزملکان ـی پرسیاری لێکراوە لەبارەی ابن تیمیە فەرمویەتی لەماوەی 500 ساڵ یان 400 ساڵی پێشوو هاوشێوەی ابن تیمیە نەبوە.

وەلەسەر کتاب ـی (بيان الدَّليل على بطلان التَّحليل) ـەکەی ابن تیمیە نوسیویەتی : (ئەم کتێبە لە نوسراوی شێخ ـی گەورەمان وپێشەوامان شێخ ـی ئیمام وزانا و عەلامە لێهاتوو لە لەبەرکردن خاوەن زوهد و وەرع شێخ تقی الدين شيخ الاسلام گەورەی زانایان پێشەوای چاکەکاران سەرخەری سونەت وشکێنەری بیدعەکان حوجەی الله بەسەر دروستکراوەکانی وەڵامـدەرەوەی گومانەکانی ئەهلی گومڕای وعینادی زانایەکی کردارکار بەعلمەکەی کۆتا زانای موجتەهید أَحْمد بن عبد الْحَلِيم بن عبد السَّلَام ابْن عبد الله بن أبي الْقَاسِم بن مُحَمَّد بن تَيْمِية الْحَرَّانِي).

الخوارزمي شێخ وزانا ى فەرموودەناس ابو المعالى محمد بن طغريل الخوارزمى 737 هیجری وەفاتی کردووە لەنوسراویێکیدا بەناونیشانی (سماع طبقة) دەفەرمویێت : (وَسَيِّدنَا الشَّيْخ الإِمَام، الْعَلامَة، الصَّدْر الْكَبِير، الْكَامِل، الْقدْوَة، الْحَافِظ، الزَّاهِد، العابد، الْوَرع، شيخ الْإِسْلَام، مفتي ،حجَّة الْمذَاهب، مقتدى الطوائف، لِسَان الشَّرِيعَة، مُجْتَهد الْعَصْر، وحيد الدَّهْر، إِمَام الْأَئِمَّة، تَقِيّ الدّين، أبي الْعَبَّاس، أَحْمد ....))
گەورەمان ئیمام وعەلامە سنگ فراوان وکاملٚ و پێشەوا و حافظ و زاهید والله پەرست و خاوەن وەرع شێخ ى ئیسلام موفتی وبەڵگەی مەزهەبەکان پێشەوای کۆمەلەکان زمانی شەریعەت و زانای موجتەهیدی سەردەم وتاکەزانای سەردەم پێشەوای پێشەواکان تقى الدين ابى عباس احمد بن عبدالحليم ابن تيميه رحمەالله.

الحافظ البرزالي شێخ وزانای فەرموودەناس و مێژووناس أبو محمَّد القاسم بن محمَّد بن يوسف، البرزالي، الإشبيلي الدِّمشقي لە 738 هیجری وەفاتی کردوە لەمێژووەکەیدا لەکاتی باسی ابن تيميه دەفەرمویێت : (فَصَارَ إِمَامًا فِي التَّفْسِير، عَارِفًا بالفقه. فَيُقَال: إِنَّه كَانَ أعرف بِفقه الْمذَاهب من أَهلهَا، الَّذين كَانُوا فِي زَمَانه وَغَيره. وَكَانَ عَالما باخْتلَاف الْعلمَاء، عَالماً بالأصول وَالْفُرُوع، والنحو، واللغة، وَأما الحَدِيث: فَكَانَ حَامِل رايته، حَافِظًا لَهُ، مُمَيّزاً بَين صَحِيحه وسقيمه، عَارِفًا بِرِجَالِهِ وَله تصانيف كَثِيرَة، وتعاليق مفيدة فِي الْأُصُول وَالْفُرُوع. وَأثْنى عَلَيْهِ وعَلى فضائله، وعلومه جمَاعَةٌ من عُلَمَاء عصره، مثل: ابْن دَقِيق الْعِيد، وَابْن النّحاس، وَالْقَاضِي الْحَنَفِيّ: قَاضِي قُضَاة مصر ابْن الحريري، وَابْن الزملكاني، وَغَيرهم)

واتـە : بوو بەئیمام لەزانستی تەفسیر وەزانابوو لەفیقهـ وەوتراوە لەئەهلی مەزهەبەکان شارەزاتربوە بەمەزهەبەکان ئەوانەی کەلەسەردەمی خۆیدا بون وە زانابوە بە ڕاجیاوازی زاناکان وەزانابوە بە ئصول وبەفروع وبەنەحو بەزمان وەلەڕوانگەی فەرموودەوە خۆی هەڵگری ئاڵای فەرموودەبوو لەبەرکەری فەرموودەبوو جیاکەرەوەی حدیث ـی سەحیح وزەعیف بوو زانابوو بەپیاوانی سەندەکانی فەرموودە وەچەندان کتێب ونوسراوی هەیە چەندان لێدوانی بەسودی هەیە لەزانستی ئصول وفەرع وەزانایان ـی سەردەمی خۆی وەسفی چاکەکانی ابن تیمیە وزانستەکەیان کردوە نمونەی ابن دقیق العید وابن النحاس و القاضی الحنفی و ابن الحریر و ابن الزملکانی وجگەلەوانیش.

الإمام الذهبي رحمە الله لەباسی مامۆستاکانیدا ـدەفەرموێت : (هو شيخنا ، وشيخ الإسلام ، وفريد العصر ، علماً ، ومعرفة ، وشجاعة ، وذكاء ، وتنويراً إلهيّاً ء ونصحاً للأمَّة ، وأمراً بالمعروف ، ونهياً عن المنكر ، ونصر السنَّة بأوضح حجج، وأُوذي في ذات اللّه من المخالفين ، فلو حلفت بين الركن والمقام لحلفت : إني ما رأيت بعيني مثله ، وأنه ما رأى مثل نفسه)

شێخ ـی ئێمە و شێخ ـی ئیسلام وتاکەزانای سەردەمی خۆی بو لە زانست وشارەزای وبوێری و زیرەکی و ڕوناکیەکـ بوو لەلایەن الله ـوە کەسێکی ئامۆژگاریکاربوو بۆئومەت وفەرمانکار بەچاکە ورێگری کار بوو لەخراپە سونەت ـی سەرخست بەڕونترین بەڵگەکان وە لەم پێناوەشدا ئازار ـدرا لەلایەن پێچەوانکارانی ئەگەر سوێند بخۆم لەنێوان ڕوکن ومقام من بەچاوی خۆم هاوشێوەی ابن تیمیەم نەبینیوە خۆشی هاوشێوەی خۆی نەبینیووە.

[ذيل طبقات الحنابلة " لابن رجب الحنبلي (4 / 390)]

عماد الدين الواسطي رحمه الله دەڵێت : (والله ، ثم والله ، لم يُرَ تحت أديم السماء مثل شيخكم ابن تيمية ، علماً ، وعملاً ، وخلُقاً ، واتِّباعاً ، وكرماً ، وحلْماً ، وقياماً في حق الله تعالى عند انتهاك حرماته ، أصدق النَّاس ، وأصحهم علماً وأكملهم اتباعاً لسنَّة محمد صلى الله عليه وسلّم ، ما رأينا في عصرنا هذا مَن تستجلي النبوة المحمدية وسننها من أقواله وأفعاله إلا هذا الرجل يشهد القلب الصحيح أن هذا هو الاتباع حقيقة)

[العقود الدرية " (ص 311)]

واتە : والله ی پاشان والله ی لەژێر ئاسمانەکان کەسم نەبینیوە وەک شێخەکەتان ابن تیمیە کەسم نەبینیوە وەک ابن تیمیە خاوەن علم و کردار بێت و خاوەن ڕەوشتی جوان و شوێنکەوتە بێت و بەخشندە و لەسەرخۆ مافەکانی الله ی دەپاراست کاتێ سنورەکان ی الله پێشێل کرابایە ڕاستگۆترین ی خەڵکی وخاوەن ڕاسترین زانست لەناوخەڵکدا وە تەواترینی خەڵکان بوو لەشوێنکەوتنی بۆ سونەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هاوشێوەی ابن تیمیەمان نەبینی لەم سەردەمەمان کەسێک سونەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەوتە وکرداری دا ڕەنگ بداتەوە ئیلا ئەم پیاوە نەبێت کەدڵی ساغ ئەم شاهێدیە ئەیات کەئەمە شوێنکەوتنە بەهەقیقەت.

الحافظ جلال الدين السيوطي رحمه الله دەفەرموێت : (ابن تيمية ، الشيخ ، الإمام ، العلامة ، الحافظ ، الفقيه ، المجتهد ، المفسر البارع ، شيخ الإسلام ، علَم الزهاد ، نادرة العصر ، تقي الدين أبو العباس أحمد المفتي شهاب الدين عبد الحليم بن الإمام المجتهد شيخ الإسلام مجد الدين عبد السلام بن عبد الله بن أبي القاسم الحراني وعني بالحديث ، وبرع في الرجال

وعلل الحديث ، وعني بالحديث ، وبرع في الرجال ، وعلل الحديث ، وفقهه ، وفي علوم الإسلام ، وعلم الكلام ، وغير ذلك وكان من بحور العلم ، ألَّف ثلاثمائة مجلدة ، وامتحن وأوذي مراراً)

[طبقات الحفاظ " (ص 516 ، 517)]

واتــه : ابن تيميه شێخ و پێشەوا و عەلامە و حافظ فەقیهـ و موجتەهید و موفەسیری لێهاتوو شـێخ ی ئیسلام وئاڵای زاهیدان وکەم وێنەی سەردەم شیخ تقی الدین ابو العباس احمدالمفتی شهاب الدین عبدالحلیم بن الامام المجتهد شیخ الاسلام مجد الدین عبدالسلام بن عبدالله بن ابی قاسم الحرانی گرنگی ـداوە بەفەرموودە وزانسـتی پیاوانی سەنەدی فەرموودە و کێشەکانی فەرموودە وە گرنگی یاوە بەفیقهـ و وزانستەکانی ئیسلام وجگەلەوانەش وە دەریایی زانست بوو 300 بەرگە کتێبی نوسیوە تاقیکرایەوە وچەندین جار ئازاردرا.

الإمام الحافظ ابن حجر العسقلاني الشافعي رحمه الله لەبارەی شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله ـدەفەرموێت لەلێدوانی بۆ کتێبی (الرد الوافر على من زعم أن من سمى ابن تيمية شيخ الإسلام كافر) ابن حجر نوسیویەتی : (وشهرة إمامة الشيخ تقي الدين أشهر من الشمس ، وتلقيبه بـ " شيخ الإسلام " في عصره باق إلى الآن على الألسنة الزكية ، ويستمر غداً كما كان بالأمس ، ولا ينكر ذلك إلا من جهل مقداره ، أو تجنب الإنصاف ، ولو لم يكن من الدليل على إمامة هذا الرجل إلا ما نبَّه عليه الحافظ الشهير علم الدين البرزالي في " تاريخه " : أنه لم يوجد في الإسلام من اجتمع في جنازته لما مات ما اجتمع في جنازة الشيخ تقي الدين ومع حضور هذا الجمع العظيم : فلم يكن لذلك باعث إلا اعتقاد إمامته وبركته ، لا بجمع سلطان ، ولا غيره ، وقد صح عن النبي ﷺ نه قال : (أنتم شهداء الله في الأرض)

[رواه البخاري ومسلم]

واتــە : ناوبانگ وئیمامەت ی شیخ تقی الدین لەخۆر ئاشكراترە وە نازناولێنانی بەشێخ ی ئیسلام لەسەردەم خۆیەوە تائێستا بەردەوامە لەسە زمانە پــاكەكان وە لەداهاتوش بەردەوام ئەبێت وەكچۆن لەڕابردوو بەردەوام بوو وەكەس نیە نكۆڵی پلەی شێخ ئیسلام بكات ئیلا كەسێ نەبێت نەزان بێت بەپێگەی ابن تیمیە یان كەسێك بێت دووربێت لەئینصاف ئەگەر هیچ بەڵگەیەك نەبێت لەسەر ئیمامەتی ئەوپیاوە(ابن تیمیە) تەنها ئەوەنەبێت كە حافظ البرزالی لەمێژووكەیدا گێڕاویەتیەوە كەدەڵێت (لەمێژووی ئیسلامدا نەبوە هێندە خەڵك كۆببێتەوە بۆ جەنازەیەك وەك كۆبونەوەیان بۆ جەنازەی شێخ تقی الدین ابن تیمیە) وە ئامادەبونی ئەو هەمووخەڵكەش بۆجەنازەكەی پاڵنەرەكەی هیچ نەبوە تەنها ئەوەنەبیت خەڵك بڕوایان بەپێشەوایەتی وپیرۆزبونی هەبوە نەكاربەدەست كۆی كردنەوە نەهیچی تر وە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فەرموویەتی (ئێوە شاهێدی الله ن لەسەر زەوی).

ئیمام ی ابن قیم رحمە الله لەژیاننامەی ابن تیمیة ـدەفەرموێت : (شیخ الإسلام وَالْمُسْلِمين، الْقَائِم بِبَيَان الْحق، ونصرة الدّين، الدَّاعِي الى الله وَرَسُوله، الْمُجَاهِد فِي سَبيله.وَهُوَ الشَّيْخ الْعَلامَة، الزَّاهِد، العابد، الخاشع، الْحَافِظ، المتبع: تَقِيّ الدّين، أَبُو الْعَبَّاس، أحْمَد بن الشَّيْخ الامام الْعَلامَة شيخ الإسلام، أبي المحاسن، عبد الْحَلِيم بن الشَّيْخ الْإِسْلَام ومفتي الْفرق، عَلامَة الدُّنْيَا، مجد الدين، عبد السَّلَام)

شێخ ی ئیسلام وموسڵمانان ڕونكەرەوەی هەق و سەرخەری دین وبانگخواز بۆلای الله وپێغەمبەرەكەی صلی الله علیە وسلم و تێكۆشەری ڕێگەی الله ئەوویش شێخ ی عەلامە زاهید والله پەرست وخۆشكێن بۆالله

حافظ وشوێنکەوتە بۆسونەت شێخ تَقِيّ الدّين، أَبُو الْعَبَّاس، أحْمَد بن الشَّيْخ الامام الْعَلامَة شيخ الإسلام، أبي المحاسن، عبد الْحَلِيم بن الشَّيْخ الْإِسْلَام ومفتي الْفرق، عَلامَة الدُّنْيَا، مجد الدين، عبد السَّلَام.

ئيمام ابن مفلح المقدسي رحمه الله ـدەفەرمويێت لە طبقة سماع (لجزء الحسن بن عرفه) فەرموويەتی : (الشَّيْخ، الإِمَام، الْعَالم الْعَلامَة، الْحجَّة، الْحَافِظ، الزَّاهِد، العابد، الْوَرع، شيخ مَشَايِخ الْإِسْلَام، بَقِيَّة الْأَئِمَّة الْأَعْلَام. إِمَام الْأَئِمَّة، قدوة الْأمة، عَلامَة الزَّمَان، بَحر الْعُلُوم: تَقِيّ الدّين، أبي الْعَبَّاس، أَحْمد ...)

شێخ ـی ئیمام عالم وعەلامە ، شێخ ـی بەڵگە حافظ وزاهید و الله پەرست شێخ ـی شیخەکانی ئیسلام پاشماوەی پێشەوا دیارەکان پێشەوای پێشەواکان پێشەوای ئومەت زانای دیاری سەردەم دەریایی زانستەکان شێخ تقی الدین ابی العباس ابن تیمیە.

وبەهەمان شێوە شێخ أبو محمد الحلبي ـی فەرموودەناس ومێژووناس لەکتاب ـی (درة الأسلاك فِي دولة الأتراك) لەباسی ژیاننامەی شێخ ـی ئیسلام بەئیمامی ئەهلی سونەت ناوی دەبات : (وَإِمَامٌ فِي معرفَة الْكتاب وَالسُّنة، وَهَمَّامٌ لَا يمِيل إِلَى حلاوةٍ من الْمِنَّة. كَانَ ذَا ورع زَائِد، وزهد فَرعه فِي روض الرِّضى مائد. وسخاء وشجاعة، وعزلة وقناعة. وتصانيف مَشْهُورَة، وفتاوى أعلامها منشورة. يصدع بِالْحَقِّ، وَيتَكَلَّم فِيمَا جلّ ودقَّ. وَيَأْمُر بِالْمَعْرُوفِ وَينْهى عَن الْمُنكر، ويثابر على إِقَامَة الْحُدُود؛ إِن شُكر أَو لم يُشْكر)

والله ـی وتەی زانایان زۆر زۆرە بەڵام پاش ئەوەی ڤیدۆکەی خەلیل یان بۆناردم زۆر بەخێرای ئەم وەڵامەم نوسی ئەگینا وتەکان هێندە زۆرن بە هەفتەیەکـ دانیشین وەری گێڕین کۆتای نایـەت بەڵام بەخێرای ئەم چەند دێڕەمان نوسی تا بەرچاو ڕونیەکـ بێت بۆ ئازیزانمان.

وەڵامێک بۆ ئەم دەمڕووتە ئەشعەرییە کەنازانێ فەرمووده بخوێنێتەوە

ئەم دەمڕووتە ئەشعەرییە کەنازانێ فەرمووده بخوێنێتەوە ئەڵێت عەقیدەی ئەشعەری وماتریدی عەقیدەی ئەهلی سونەت وجەماعەتە وئیجماعی ئومەتی لەسەرە

له وەڵامی ئەم بێ ئاگایە ئەڵێین کام ئیجماع ی زانایان وتویەتی ئەشعەریەت عەقیدەی ئەهلی سونەتە بەڵکو ئیجماعی ئەهلی سونەت بریتیە لەسەر تەکفیر و بەگومڕدانانی ئەشعەریەکان وتەی زانایان لەسەر ئەوەی ئەشعەریەت کوفر وبیدعەیە وتەی ابن تیمیه و نەجدیەکان ناهێنمەوە تانەڵێن تەنها ابن تیمیه ونجدیەکان دژی ئەشعەریەت بونە.

الشيخ الإمام الحافظ أبو نصر عبيد الله بن سعيد السجزي (444 هـ)دەفەرموێت : (وينبغي أن يتأمل قول الكلابية والأشعرية في الصفات، ليعلم أنهم غير مثبتين إلهاً في الحقيقة، وأنهم يتخيرون من النصوص ما أرادوه، ويتركون سائرها ويخالفونه)

واتە : پێویستە تێڕامان بکەین لەسەر وتەی کلابیەکان وئەشعەریەکان لەبارەی سیفاتەوە وەبزانین کەئەوان اثباتی الله تعالی ناکەن لەڕاستیدا بەڵکو ئەوان خۆیانیان سەرپشک کردوە لەبارەی دەقەکانی قورئان وسونەت ئەوەی لەگەڵ خۆیان بگونجێ وەریدەگرن وئەوەشی پێچەوانەیان بێت وازی لێ ئەهێنن.

[رسالة السجزي إلى أهل زبيد (ص173)]

وە دەفەرموێت : (ثم بُلي أهل السنة بعد هؤلاء -أي المعتزلة - بقوم يدعون أنهم من أهل الاتباع. وضررهم أكثر من ضرر المعتزلة وغيرهم، وهم" أبو محمد بن كلاب، وأبو العباس القلانسي، وأبو الحسن الأشعري ... وكلهم أئمة ضلال يدعون الناس إلى مخالفة السنة وترك الحديث)

واتــە : پاشان ئەهلی سونەت لەپاش موعتەزیلە توشی تاقیکردنەوە بون بەکەسانێ خۆیان بەشوێنکەوتەی سونەت ناودەبرد وە زیانیان زیاتر بوو لەموعتەزیلەکان وجگە لەوانیش وەئەوانیش ابو محمد بن کلاب و ابو عباس قلانسی و ابو حسن ی ئەشعەری بون ... هەرهەموویان پێشەوای گومڕایی بون و خەڵکیان بو پیچەوانەکردنی سونەت و وازهێنان لەفەرمووده بانگکردوە.

[هەمان کتێب پەڕەی 222]

شيخ الإسلام أبو إسماعيل الهروي الأنصاري ـدەفەرموێت بیستومە لە أحمد بن حمزة وأبو علي الحداد دەیان فەرموو : (وجدنا أبا العباس أحمد بن محمد النهاوندي على الإنكار على أهل الكلام وتكفير الأشعرية. وذكرا عظم شأنه في الإنكار على أبي الفوارس القرماسيني وهجرانه إياه لحرف واحد).

واتــە : ئێمە ابو عباس احمد بن محمد نهاوندیمان بینوە لەسەر ئینکاریکردنی لەسەر ئەهلی کلام وتەکــفیرکردنی ئەشعەریەت وە باسی گەورەیی ئینکاریکردنی کردوە لەسەر ابی فوارس قرماسینی وهەجری کردوە تەنها لەسەر یەک وشە .

ئیمام ابی سعد الزاهد ئیمام أبو إسماعيل الهروي الأنصاري دەفەرموێت بیستم لە الشيخ أبا الحسن الماليني طاهر بن محمد ئەیفەرموو : (قيل لأبي سعد الزاهد: إنا أبا الحسن الديناري ناضل عنك عند سبكتكين، فقال: وإياه فلعن الله لأنه كلابي)

وترا بە ابو سعد الزاهد ئەبو حسن ـی دیناری بەرگری لێ کردووی لەبەرامبەر سبکتکین ابو سعدیش فەرمووی نەفرەت لەویش بێت چونکە کەسێکی عەقیدە کلابی بوو.

[ذم الكلام وأهله (4/ 408]

الإمام أبو العباس أحمد بن عمر ابن سريج البغدادي الشافعي (303 هـ)دەفەرموێت : (لا نقول بتأويل المعتزلة، والأشعرية، والجهمية، والملحدة، والمجسمة، والمشبهة، والكرامية، والمكيفة، بل نقبلها بلا تأويل، ونؤمن بها بلا تمثيل، ونقول الإيمان بها واجب، والقول بها سنة، وابتغاء تأويلها بدعة)

[اجتماع الجيوش الإسلامية (ص174)]

واتــە : دەست بەتەئویلی موعتەزیلە وئەشــاعرە وجەهمیەکان و مولحیدەکان وموجەسیمەکان وموشبهەکان وکرامیە ومکیفە ناگرین بەڵکـو چۆن هاتوە ئاوا وەریدەگرین بەبێ تەئویل باوەڕمان پێیەتی بەبێ ئەوەی شێوەکەی بۆدیاری بکەین وە ئەڵێین باوەڕهێنان بەسیفاتەکانی الله سونەتی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم و تەئویلکردنی بیدعەیە.

ئیمام محمد بن احمد بن اسحاق خواز منداد لەکۆتایەکانی سەدەی چوارەم وەفاتی کردووە ئیمام ابن عبدالبر بەسەندەوە دەیگێڕێتەوە حدثنا إسماعيل بن عبد الرحمن ثنا إبراهيم بن بكر قال: سمعت أبا عبد الله محمد بن أحمد بن إسحاق بن خواز منداد المصري المالكي فەرموویەتی : (لا تجوز شهادة أهل البدع وأهل الأهواء" أهل الأهواء عند مالك وسائر أصحابنا هم أهل الكلام، فكل متكلم فهو من أهل الأهواء والبدع أشعرياً كان أو غير أشعري، ولا تقبل له شهادة في الإسلام، ويهجر ويؤدب على بدعته، فإن تمادى عليها استتيب منها)

[جامع بيان العلم وفضله لابن عبدالبر 2/943 كتاب تــحريم النظر في كتب الكلام ص42 : ابن قـدامه]

واته‌ : دروست نیه‌ شایه‌تی له‌ئه‌هلی بیدءع وه‌ربگیرێت وه‌ ئه‌هلی بیدءع له‌لای ئیمام مالک و هاوه‌ڵانمان بریتین له‌ئه‌هلی کلام هه‌موو ئه‌هلی کلامێک ئه‌هلی بیدءع ـه‌ جا ئه‌شعه‌ری بێت یان جگه‌ له‌ئه‌شعه‌ری بێت وه‌ له‌ئیسلامدا شایه‌تی لێ وه‌رناگیرێت به‌ڵکو هه‌جر ده‌کرێت و ته‌مبێ ده‌کرێ له‌سه‌ر بیدعه‌که‌ی گه‌ر وازی نه‌هێنا استتابه‌ ده‌کرێ.

ئیمام ـی ابن قدامة رحمه‌ الله‌ ده‌فه‌رموێت له‌ كتاب المناظرة في القرآن ص35 : (ولا نعرف في أهل البدع طائفة يكتمون مقالتهم ولا يتجاسرون على إظهارها إلا الزنادقة والأشعرية)

واته‌ : هیچ ئه‌هلی بیده‌عێ ناناسین که‌عه‌قیده‌ی خۆیان بشارنه‌وه‌ وجورئه‌ت نه‌که‌ن ده‌ری بخه‌ن ئیلا زندیقه‌کان وئه‌شعه‌ریه‌کان نه‌بێت.

شيخ الإسلام أبو إسماعيل الهروي الأنصاري ـده‌فه‌رموێت : (رأيت يحي بن عمار ما لا أحصي من مرة على منبره يكفرهم أي الأشعرية ويلعنهم)

واته‌ : زیاد له‌چه‌ندین جار که‌ناژمێردرێت یحیا بن عمارم بینیوه‌ له‌سه‌ر میمبه‌ر ته‌کفیری ئه‌شاعره‌ی کردووه‌ و نه‌فره‌تی لێکردوون

ئیمام عمر بن إبراهيم ابن إسماعيل أبو الفضل بن أبي سعيد الهروي (425هـ): (لا تحل ذبائح الأشعرية، لأنهم ليسوا بمسلمين، ولا بأهل كتاب، ولا يثبتون في الأرض كتاب الله)

واته‌ : سه‌ربڕاوی ئه‌شعه‌ریه‌کان حه‌ڵاڵ نیه‌ چونکه‌ موسڵمان نین وئه‌هلی کتاب یش نین له‌به‌رئه‌وه‌ی نایچه‌سپێنن کتابی الله‌ له‌سه‌ر زه‌وی بێت.

[(4/ 411).ذم الكلام (4/ 413)]

ئیمام الدشتيّ الحنبليّ رحمه الله تعالى لەکتابی (الحد) دەفەرموێت : (الحافظ أبو الحجاج هەواڵی پێدایین لەالحافظ أبو الفرج ثابت بن محمد بن أبي الفرج الشافعي المديني لەکتێبەکەیدا وتویەتی أبو عبد الله الحسين بن عبد الملك بن الحسين وتویەتی : (الأشعرية ضلال زنادقة إخوان ... من عَبَدَ العُزَّى مع اللَّاتِ بِرَبِّهِمْ كفروا جَهْراً وقولهُمُ ... إذا تدبرته أسوإ المقالات)

ئەشعەریەکان گومڕان زندیقن برای ئەوانەن کەلات وعوزا دەپەرستن کافرن بەپەروەردگار بەئاشکرا وتەکەشیان گەر لێی بکۆڵیتەوە لەخراپترینی وتەکانە.

ئیمام ابن حزم ئەو وتەیەی ئەشاعرە ئەهێنێتەوە کەئەڵێن (أن علم الله هو غير الله وخلاف الله وأنه مع ذلك غير مخلوق لم يزل) ابن حزم دەفەرموێت : (وما قال بهذا أحد قط من أهل الإسلام قبل هذه الفرقة المحدثة بعد الثلاث مائة عام -أي الأشاعرة-، فهو خروج عن الإسلام وترك للإجماع وما كنا نصدق أن من ينتمي إلى الإسلام يأتي بهذا، لولا أنا شاهدناهم وناظرناهم ورأينا ذلك صراحا في كتبهم، ككتاب السمناني قاضي الموصل في عصرنا هذا وهو من أكابرهم، وفي كتاب المجالس للأشعري)

[الفصل الملل والأهواء والنحل (2/ 135)]

واتـە : هیچ کەسێ لەئەهلی ئیسلام پێش ئەم گروپە داهێنراوە کەلەپاش سەدەی سێهەم دروست بوو ئەوقسانەی نەکردووە ئەوقسانە دەرچونە لەئیسلام و وازهێنانە لەئیجماعی ئوممەت وەئێمە بڕوامان نەدەکرد کەکەسێ هەبێت خۆی بەموسڵمان بزانێت وئەوقسانە بکات تائەوکاتەی خۆمان لێیانمان بینی و مناقشەیانمان کردووە لەسەر ئەوبابەتە وەلەکتێبەکانیاندا بەئاشکرا بونی هەیە وەک کتێبی سمنانی قاضی موصلێ لەسەردەمی ئێمەدا کەئەو گەورەکەیانە وە لەکتابی المجالس للاشعری .

ئیمام ابـن حجر له الفتح (13/504): دەفەرموێت : وقد احتج أحمد بن حنبل بهذه الآية يعني قوله تعالى: {يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ} على أن القرآن غير مخلوق لأنه لم يرد في شيء من القرآن ولا من الأحاديث أنه مخلوق ولا ما يدل على أنه مخلوق ثم ذكر عن الحسن البصري أنه قال لو كان ما يقول الجعد حقا لبلغه النبي صلى الله عليه وسلم ، أقول: والجعد بن درهم هو مؤسس مذهب الجهمية، ونسب الجهمية إلى الجهم بن صفوان لأنه هو الذي أظهر هذا المذهب الباطل ونشره، وأقول كما قال الحسن البصري رحمه الله: لو كان ما يقوله الأشاعرة وغيرهم من المتكلمين حقا لبلغه الرسول صلى الله عليه وسلم)

ئیمامی احمد ئەم ئایەتەی کردۆتە بەڵگە : (يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ) بەم ئایەتە فەرموویەتی قـورئان مەخلوق نیـە چونکە هیچ بەڵگەیەک لەقورئان وسونەت نەهاتوە بڵێت قورئان مەخلوقە پاشان باسکراوە لەحـسن ـی بەصرییـــەوە فەرموویەتی ئەگەر ئەوەی جەعد ئەیڵێت هەق بوایە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ڕایدەگەیـاند ئینجـا ابن حجر رحمه الله دەفەرموێت منـــیش دەڵێم جەعد بن درهم دامەزرێنەری مەزهەبی جەهمیەت بوو وە نسبەتی جەهمیەت دەگەڕێتەوە بۆجەهمی کوڕی صـفوان چونکە ئەو ئەم مەزهەبە باطـلەی دەرخست وبڵاوی کردەوە وەئـــــەڵێم هەروەک چۆن حسـن ـی بصری رحمه الله فەرموی منیش ئەڵێم ئەگـــەر ئەوەی ئـەشاعرە وئەهلی کـەلام ئەیڵێـــن هەق بوایە پێغەمـبەر صلى الله عليه وسلم پێمانی ڕادەگەیـاند.

کەواتـا ئیمام ابن حجر عەقیدەی ئەشاعرە بەهەق نازانێت لەگەڵ عەقیدەی جەهمیەکان باسیکردوون

تێــــبینی : ابو حـسن ـى ئەشعەرى بەريئـ بوە لەعەقيدەى ئەشاعره ئەشاعره بەدرۆ وبوهتان خۆيان داوەتە پاڵ ئيمام ابو حسن رحمه الله ئيمام ابو حسن ـى ئەشعەرى رحمه الله بەسێ قۆناغدا تێپەڕيوه

ئيمام ـى ابن كثير له "طبقات الشافعيين" لەژياننامەى أبي الحسن الأشعري: ـدەفەرموێت : (قلتُ: ذكروا للشيخ أبي الحسن الأشعري، رحمه الله، ثلاثة أحوال، أولها: حال الاعتزال، التي رجع عنها لا محالة، والحال الثاني: إثبات الصفات العقلية السبعة، وهي: الحياة، والعلم، والقدرة، والإرادة، والسمع، والبصر، والكلام، وتأويل الخبرية كالوجه، واليدين، والقدم، والساق، ونحو ذلك، والحال الثالثة: إثبات ذلك كله من غير تكييف، ولا تشبيه، جريا على منوال السلف)

واتـە : ئەڵێـم باسكراوە كەشێخ ئەبو حسن ـى ئەشعەرى رحمه الله بەسێ حاڵەتدا تێپەڕيووە (يەكەميان موعتەزيله) بوو كەوازى هێنا حاڵەتى (دووەميان جێگيركردنى حەوت سيفاتى الله بوو) كەبريتى بون لەسيفاتى ژيان و علم و قودرەت و ويستى الله و بيستن و بينين وقسە وە تەئويلى سيفەتەكانى ترى دەكرد وەک سيفەتى ڕووى پەروەردگار و دەست و قاچ وهاوشێوەى ئەوسيفەتانە (قۆناغى سێهەم) بريتى بوو لە اثبات كردنى هەموو ئەو سيفەتانە بەبێ چۆنيەتى و بەبێ هاوشێوە دانان واثباتكردنى لەسەر ڕێگاى سەلەف.

جا ئەشاعرەكان نكۆڵى لەقۆناغى سێهەمى ابو حسن ـى ئەشعەرى دەكەن ولەسەر قۆناغى دووەمى ابو حسن عەقيدەيان داناوە لەكاتێكدا بەشاهێدى گەورەزانايانى ئيسلام وكتێبەكۆتايەكانى ابو حسن ـى ئەشعەرى ئيمام ابو حسن لەسەر عەقيدەى سەلەف وئەهلى سونەت وجەماعەت وەفاتى كردووە

